# دەوڵەتی عوسمانی و ململانێی وڵاتانی زلهێز و پاوانکردنی موڵکەکانی

# (١٨٧٥-١٩٠٠)

دڵشاد مەحموود عەبدولڕەحمان

## پێشدەست

تۆژینەوە لە دەوڵەتی عوسمانی و ململانێی وڵاتانی زلهێز لەسەر پاوانکردنی موڵکەکانی لە چارەکی چوارەمی سەدەی نۆزدەمدا، سەرباری ئەوەی بابەتێکی ئاڵۆزو کارێکی دژوارە، بەڵام لە هەمان کاتدا گرنگ و پڕ بایەخە. گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە ململانێی نێوان وڵاتانی زلهێزی ئەوروپی سەبارەت بەزێتر چەسپاندنی دەسەڵاتیان لە دەوڵەتی عوسمانی، لە پای زامنکردنی بەرژەوەندییە ئابووری و ستراتیژییە سیاسییەکانیان لە چوارچێوەی ململانێی

ئیمپریالیزمیدا، وەک لەو سەردەمەدا گەیشتبووە لووتکە، دەخاتەڕوو.

ئەم بابەتە لە چوارچێوەی ئەو دۆزە هەستیارەدا دەژمێردرێت کە لە مێژوودا بە (کێشەی ڕۆژهەڵاتی) نێوزەد کراوەو سەروکارو پێوەندی بە رووماکانی قۆناغی دووەمی ئەو کێشەوە هەیە جێی سەرنج دانە، شەقڵی سەرەکی ئەم قۆناغە کێشەی ڕۆژهەڵاتی بە پاشەکشەکردنی دەسەلاتی فەڕەنسی و بالا دەستبوونی بەریتانیا لە گۆڕەپانی ململانێیەکەدا دەناسرێتەوە بەریتانیا لەم قۆناغەدا بالاترین ڕۆڵ یاری دەکات و زۆربەی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژگارەی (ڕۆژهەڵاتی نزیک)[*]، سەرە داوێکی لە بەدەستی ئەو دایە، بۆیەیش ئەم بابەتەی ئێمە، ئەو ماوە مێژووییەی لەخۆ گرتووە لە شرۆڤەکارییەکانیشیدا، زیاتر جەخت لە ڕۆڵ و جێ دەستی بەریتانیای مەزن دەکاتەوە.

## ڕەوشی سیاسیی دەوڵەتی عوسمانی (١٨٧٥-١٩٠٠)

دەوڵەتی عوسمانی لە چارەکی چوارەمی سەدەی نۆزدەمدا، واتە لەسەردەمی سەڵتەنەتی سوڵتان عەبدولحمیدی دووەمدا (١٨٧٦-١٩٠٩)[١]، لەدەست بێ هێزیی و کەم توانایی، برستی لێ بڕابوو، سەرەتای دەرکەوتنی رووماو دیاردەکانی لاوازی و بێ توانایی دەوڵەتیش، بۆ کۆتاییەکانی ڕۆژگاری حوکمڕانی سوڵتان سولەیمانی قانوونی (١٥٢٠-١٥٦٦) دەگەڕایەوە، وەلێ داوەشان و بێ هێزیی دەوڵەت لە چارەکی چوارەمی سەدەی نۆزدەمدا، گەییە ترۆپک[٢].

جەنگە نەبڕاوەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ، بەتایبەت رووسیا، بەتەواوەتی پەلی دەوڵەتی بەرەوە هەڵدێر گرتبوو. خەزێنەش (کە زێتر لە سێ بەشی لەسەر شان و بازووی رەعیەتەکانی دەوڵەت وەستابوو، بەخەرجیەکانی جەنگ و سوپاو خۆشگوزەرانی دانیشتووانی کۆشک رانەدەگەیشت هەرچەندە عوسمانییەکان[*]، پەیتاپەیتا بڕی باج و سەرانەیان لەسەر دانیشتووانی وڵات (رەعیەت) زۆرتر دەکرد، کەچی «خەزینەی دەوڵەت» هەر کورتی دەهێنا[٣].

راستییەکەی لە چانسی سوڵتان عەبدولحەمیددا، رەوشی ساسیی دەوڵەت هێند نالەبار ببوو، کە راستکردنەوەی کارێک بوو لە خانەی مەحاڵدا، بارودۆخی هەرێمی باڵکان لەوپەڕی توندوتیژیدا بوو، شۆڕشەکان لە «هرسک و بۆسنەو چیای رەش و بولگاریا»، چەخماخەیان دابوو[٤]، وڵاتە ئەوروپییەکانیش بەرووسیاوە بۆ مەبەستی دیاری خۆیان، لەگڕو تینی ئەو شۆڕش و راپەڕینانەیان زیاد دەکرد، بگرە نەک هەر بەهاوسۆزی دەربڕینیان بۆ ژیانی کارەساتباوییان، بەپوول و چەک و گیان بەخشانیشەوە ئالکاری راپەڕیوانیان دەکرد. ئیدی ئەوانە هەمیشە گوشاری جەرگبڕ بوون دەخرانە سەر دەوڵەتی عوسمانی، کە بەتەنیا لەبەردەم چاوتێبڕینەکانی ئەو هەموو وڵاتانەدا مابۆوە[٥].

دەوڵەتی عوسمانی بۆ پاراستنی یەکێتیی خاک و موڵکەکانی لە هەمبەر بارودۆخێکی وادا، بۆی نەدەکرا دەستەوەستان بوەستێ. کاربەدەستان هەرزوو هەڵسان بەناردنی سوپا بۆ دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕش و راپەڕینانە[٦]. بەڵام وا دیاربوو، لەو سەروبەندەدا بارودۆخی سیاسی نێودەوڵەتی لاگیری ئەو هەڵوێستەی دەوڵەتی عوسمانی نەبوو بێ! بۆیە دەنگی نارەزایی لە زۆر شوێندا بەرز بۆوە. وڵاتانی وەک «نەمسا، رووسیا، ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا» یەک لەسەر یەک بیرخەرەوەیان ئاراستەی «باب عالی، کرد[٧] ئەمەش هەڵوێستێک بوو، وەک دواتر دێینەوە سەر باسکردنی، مەینەتییەکانی عوسمانیانی قووڵتر دەکردەوە.

دەوڵەتی عوسمانی هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی رێورەسمی «کۆنگرەی ئەستەمبووڵ» (١٨٧٦)[٨]، وەرچەرخانێکی نوێی بەخۆیەوە بینی! لە زۆر لای پایتەختدا دەنگی ئازادیخوازانی عوسمانی بەمەبەستی پیادەکردنی رژێمی دەستووریی بەرز بۆوە، ئیدی لە ئەنجامی پیادەکردنی رژێمی دەستووری[٩]، وەک مەرجێک لەلایەن ئازادیخوازانەوە پیادەکردنی ئەو رژێمە بۆ هاتنە سەر تەختی سوڵتانەکان دانرا، ئەوەی کە پەردەی سەرسوڕمێنیی بەسەر ئامادەبووانی کۆنگرەی ئەستەمبوول دادایەوە!!

راستییەک جێی سەرنجە، راگەیاندنی رژێمێکی نوێ بۆ حوکمڕانی دەوڵەت لەلایەن

سولّتـان عـەبدولحـەمیدەوە، بەرسڤێکی سیاسییانە بوو بۆ شاندی ئەو ولاّتانەی کە لە کۆنگرەکەدا ئامادەبییان هەبوو (ئەوانەی بەتوندی جەختیان بە ئیسلاحات دەکردەوە لە جەستەی دەوڵەتی عوسمانیدا)[١٠].

ئەو دەستوورە کە بە «قانون اساسی» نێوبرا، پێنگاوێکی لە رادەبەدەر پێویست بوو بۆ دەرهێنانی کاربەدەستانی عوسمانی لەو بارە نالەبارەی تێی کەوتبوون. کەچی بەپێچەوانەوە، لەلایەن ولاّتانی ئامادەبووی کۆنگرەکە بەهەند نەگیراو بگرە بەگەپ و گاڵتەیان لە قەڵەمدا، کە لەراستیشدا هەر وابوو! بۆیە زۆری نەبرد پەیڕەولێکردنی دەستوور پاش بڕانەوەی جەنگی عوسمانی - رووسی ساڵانی (١٨٧٧-١٨٧٨)و گرێدانی پەیماننامەی بەرلین، پشتی تێکرا. داکۆکیارەکەشی کە «مەدحەت پاشا»[*] بوو، دوورخرایەوە[١١] ئیدی لەوە بەدوا دەوڵەتی عوسمانی لە هەمبەر شکستە تاڵەکەی بەرامبەر بەرووسیاو لە پای لە دەستدانی ناوچەیەکی بەرفراوان، بەپێویستی زانی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی نوێ بکاتە ئامانج، کە ئەویش بریتی بوو لە بەهێزکردنی بەرەی ناوخۆ دژ بە دزەکردنی دەسەلاّتی ئەوروپی و دەست تێوەردانە زۆرەکانیان لە کاروباری دەوڵەتدا. بەرچاوترین هەنگاوی ئەو سیاسەتە نوێیە، پێکهێنانی چەند یەکەیەکی سوارە بوو لە هۆزە کوردەکان، ئەوەی بەنێو سولّتانەوە نێودارکرا: «سوارەی حەمیدی»[١٢].

## سیاسەتی وڵاتانی ئەوروپی و کێبڕکێیان لەسەر بەرەودان بەدەسەڵاتیان لە دەوڵەتی عوسمانیدا

سەرەتای گرنگیدان ولاّتە ئەوروپییەکان بەدەوڵەتی عوسمانی دیرۆکێکی کۆنی هەیە، کە بۆ سەدەی شانزەهەم دەگەڕێتەوە. یەکەم ولاّتێکیش کە توانیویەتی بەشێوەیەکی فەرمی برێک جیاووک لە دەوڵەتی عوسمانی بەدەست بخات، ولاّتی فەرەنسا بووە لەسەردەمی پاشا فرانسوای یەکەم (١٥١٥-١٥٧٤)[١٣]، ئەڵبەتەیش ئەنگێزەی ولاّتە ئەوروپییەکان

بۆ برەودان بەدەسەڵاتیان لە جەستەی دەوڵەتی عوسمانی لە سۆنگەی چەند کەناڵ و پێگەیەکی ئابووری و بازرگانیەوە بوو، کە دواتر وەک شەبەنگە رووخساری سیاسی و ستراتیژیی زێدە گرنگی بەخۆوە گرت.

شیاوی باسە، ئەو کەناڵانە بە شادەمارەکانی بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزە ئەوروپییەکان لە رۆژهەڵاتدا لە قەڵەم دەدرێن، بۆیەش هەمیشە سەرچاوەی ململانێ و کێبڕکێی توندو تیژی نێوان ئەو وڵاتانە بوون، کە لە ئاکامدا زاراوەی «کێشەی رۆژهەڵاتی» بە باڵا برا» [١٤].

زاراوەی کێشەی رۆژهەڵاتی، بە واتای گرتنە خۆی ئەو گیرو گرفتە نێودەوڵەتیانەی کە لەسەر ئەگەری، لەنێو چوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بەرپا ببوو، لە کۆنگرەی ڤیرۆنا [*] بۆ یەکەمجار بەکارهێنرا [١٥]. ئەشێ لێرەدا بۆ ئەوەی بەروونی لەو کێشەیە بگەین، بەدەر لە هۆکارەکانی لاوازی و کە نەفتیی خودی دەوڵەتی عوسمانی، هۆکارەکانی دزەکردنی دەسەڵاتی ئەوروپی بۆناو جەستەی دەوڵەتی عوسمانی، بەپێی (هۆکارو ئامرازو ئامانج)ەکانی سیاسەتی وڵاتانی زلهێزی ئەوروپی و کێبڕکێیان دیاری بکەین:

**١- هۆکارەکان:**

لە چارەکی چوارەمی سەدەی نۆزدەمدا، سەرەکیترین هۆو ئەنگێزەکانی دەستتێوەردانی وڵاتانی زلهێزی ئەوروپی لە کاروباری ناوخۆو کرمێکردنی کۆڵەگەکانی دەوڵەتی عوسمانی و پەیداکردنی دەسەڵاتی زۆرتر لەناو دەوڵەتدا، وەک هەمیشە بۆ بەرژەوەندیی ئابوورییان لە ناوچەکە گەڕاوەتەوە. بەتایبەت لەو رۆژگارەدا، لە سۆنگەی شۆڕشی پیشەسازییەوە سەرمایەی بازرگانی وەرچەرخا بوو بۆ سەرمایەی پیشەسازیی ئەوە گۆڕانێکی زەبەلاحی لە ستراتیژیەتی بازرگانی ئەو وڵاتە ئیمپریالیزمیانەو ئەم وڵاتە قاغەدا (دەوڵەتی عوسمانی) بەدواوە بوو، وڵاتانی زلهێزی رۆژئاوایی لەو رۆژگارەدا، دەوڵەتی عوسمانییان هەر لەو روانگەیەوە تەماشا نەدەکرد کە سەرچاوەی بەرمێنی وەدەستخستنی کەرەستەی خاوو سەرەتاییە، بەڵکو سەرباری ئەوەش دەوڵەتی عوسمانییان کردبووە

بازاڕێک بۆ ساغکردنەوەی کاڵاو شتومەکە بازرگانییەکانی خۆیان[١٦]، وەلێ هەر وڵاتێکی زلهێز خاوەن بەرژەوەندیی ئابووریی تایبەتی خۆی بوو لە جەستەی دەوڵەتی عوسمانیدا، کە دنەی دەدا زیاتر برەو بەدەسەڵاتی سیاسیی خۆی بدات لە پانتایی و رووگە ئاراستەی سیاسییانەی عوسمانییان.

بەریتانیا کە ئەو پشتگیریی و هاوکارییە هەنگاو چەسپاوانەی بەرامبەر بەدەوڵەتی عوسمانی دەنواند[*] تەنیا کۆششی شێلگیرانەی بۆ زامن کردنی ئەو ناوچانە بوو کە کەوتبوونە سەر رێگای بازرگانیی لەگەڵ هندا[١٧] ئەو هندەی کە بەریتانیاییەکان بەتاجی پیرۆزی پاشانیشینی خۆیان لە قەڵەم دەدا.

جێی رامانە، ئەنگێزەی ئابووری رووی سیاسیشی لەخۆوە پێچابوو! دەوڵەتی عوسمانی بەو پێیە خاوەن چەندان ناوەندی ستراتیژیی گرنگ بوو سەبارەت بەوڵاتە زلهێزەکان (بەوەی کە کەناڵی تەنگەبەری سوێس گرنگترین رێگەکانی گواستنەوەی نێوان ئەورووپاو رۆژهەڵاتی ئاسیا. لێکبەستەکان نێوان دەریای رەش و دەریای سپی لەژێر کۆنترۆڵ دابوو، سەرباری ئەوانەش موڵکەکانی دەوڵەتی عوسمانی و باڵکان ببوونە بەربەستێک بەرووی وڵاتی دووانەیی نەمسا- مەجەر لایەک و سالۆنیک[*] لەلایەکی دیکە) ئیدی ئەمانە هەموو پێکڕا ئەنگێزەو هۆکاربوون، کە وڵاتە زلهێزەکان خۆ لە کاروباری دەوڵەتی عوسمانی هەڵقورتێنن و لە هەوڵی نەبڕاوە دابن، بۆ هاوسەنگ راگرتنی تای تەرازووی هێز لە رۆژهەڵاتی نزیکدا[١٨]. وەک نموونەیەکیش، رووسەکان هەمیشە لە هەڵپەی ئەوەدابوون کە کەوشەنەکانی ئیمپراتۆریەتەکەیان بە هەر چەشنێک بێ، بگەیەننە سەر کەنارەکانی دەریای سپی[١٩]. ئەوەی کە ببووە لەمپەر لەبەردەم بەدی هاتنی ئەم تاوانەیان، دەوڵەتی عوسمانی بوو. بۆیە رووسەکانی تا بۆیان بلووایە، درێغییان لە لووتژەنین لە کاروباری ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی نەدەکرد بەپەلپ و بیانووی هەمە چەشنەوە، هەمیشە حازربەدەست بوون بکەونە گیانی دەوڵەتی عوسمانی[٢٠].

شایانی وتنە، هۆکاری ئایینی بۆ لووتژەنینەکانی وڵاتانی زلهێز لە کاروباری دەوڵەتی عوسمانی – لە پاڵ ئەو هۆکارانەی لە پێشەوەدا باسکران – بەکەم لە قەڵەم نادرێت. چونکە ئەو وڵاتانە لەژێر ناوی پاراستنی گروپە کریتسیانەکانی چوارچێوەی قەڵەمڕەویی عوسمانی، هەرگیز قسووریان نەکردووە لە خۆهەڵقورتاندن لە کێشە ناوخۆییەکانی دەوڵەتی عوسمانی، بەتایبەتیش لە بەشی رۆملی (روم ایلی)، کە بەشی ئەوروپای دەوڵەتی عوسمانی دەگرتەوە(٢١). لەم لایشەوە، کوشتاری ئەرمەنییەکان ئەنادۆڵ لە نێوان ساڵانی (١٨٩٤-١٨٩٦) هەلێکی فرە خاسی خستە بەردەم رووسەکان بۆ دەستێوەردان لە کاروباری دەوڵەتی عوسمانی(٢٢).

**٢- ئامرازەکان:**

ئەو ئامرازانەی کە وڵاتانی زلهێزی ئەوروپی، وەک بەردەباز بەکاریان دەهێنا بۆ برەودان بە دەسەڵاتیان لە دەوڵەتی عوسمانی، لە راستییدا هەموو لە چوارچێوەی سیستمی جیاووکەکاندا (Capitulations)(*) گرمۆڵە ببوون، رژێمی جیاووکەکان بەرچاوترین رووی پێدزەکردنی دەسەڵاتی کۆلۆنیالی بوو لە دەوڵەتی عوسمانیدا(٢٣). وەک کونسلخانە بۆ پاراستنی قەرزەکان، جا چ هی دەوڵەت بن یا هی دەزگاو کۆمپانیا سەرەمایەدارە رۆژئاواییەکان. باڵیۆزخانە بۆ چاودێری کردنی پێگەی سیاسی لە دەوڵەتی عوسمانیدا، دەزگا مزگێنیدەرەکان(*)، بۆ پارێزگاریکردنی شوێنە پیرۆزەکان (وەک قودس). هەروەها بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی و چەسپاندنی ئایینزای تایبەت بەدەوڵەتی خاوەن دەزگاکەو لاواندنەوەی ئەو کۆمەڵە مەسیحیانەی چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانی بە مەبەستی لەکارنانیان وەک کارتێک بۆ گوشار خستنە سەر دەوڵەتی عوسمانی(٢٤).

شایەنی وتنە، مەسەلەی جیاووکەکان دوو لایەنە بوو، واتە هەم ئامرازو بوو، هەم ئامانج ئامراز وەک سەرچاوەو ئەنگێزەی درێژەپێدانی ئاڵوگۆڕی کاڵاو شتومەکی بازرگانی و بەگەڕخستنی سەرمایە.

**٣- ئامانجەکان:**

ئامانجەکانی سیاسەتی وڵاتە ئەوروپییەکان لە بارەی برەودان بەدەسەڵاتیان لە دەوڵەتی عوسمانیدا، لەواقعدا بریتی بوو لە بەدەستخستنی جیاووکی نویێ و هێنانە ژێر رکێفی ناوچەی نوێ[٢٥] ئیدی بۆ دیزەبەدەرخۆنەکردنی ئەو مەرام و ئامانجانەش، ئەو وڵاتانە چەند گوزارشتێکیان بەکارهێنا لە چەشنی: (پارێزگاری لە رەوشی ئێستای دەوڵەت، پاراستنی موڵکەکانی دەوڵەتی عوسمانی، حەسانەتی هەرێمەکان) هاوکات لەگەڵ ئەوەدا، هەموو هەلێکیان دەقۆزتەوە بۆ دابڕکردنی ئەم یا ئەو ناوچەیە لە جەستەی دەوڵەتی عوسمانی[٢٦].

دەشێ گرتنەبەری ئەو سیاسەتە لەلایەن وڵاتە زلهێزە ئەوروپییەکان و پەردە پۆش کردنی ئامانجەکانیان بۆ دوو هۆکاری سەرەکی بگەڕێتەوە: یەکەمیان، بۆ رازیکردنی کۆمەڵگەکانی خۆیان و گروپە کرستیانییەکانی چوارچێوەی قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی. بەوەی کە گوایە ئەوان (واتە وڵاتە ئەوروپییەکان).ئەم کارانەیان دەربڕی راستەقینەی جەوهەریانەو تا ئەو ئەندازەیە دادپەروەرن. کە داکۆکی لە هەموو مەسحییەکی دنیا دەکەن و لەهەر دەستدرێژی کردنێک، دەیانپارێزن.

دووەمیان بۆ رازیکردنی کاربەدەستانی دەوڵەتی عوسمانی، چونکە ئەمان چاکەی دەوڵەتی عوسمانیان گەرەکەو لە هەڕەشەو مەترسی (دەرەکی و ناوخۆیی) دەیپارێزن و ناهێڵن یەکێتی خاکەکەی هەڵبوەشێتەوە.

**جەنگی رووسی – عوسمانی ساڵانی (١٨٧٧–١٨٧٨)**

مەسەلەی رۆژهەڵاتی هەر لە دەروازەی چارەکی چوارەمی سەدەی نۆزدەدا، بەهەند وەرگیرا. رووسیا پاش ئەوەی لە جەنگی قرم (١٨٥٣-١٨٥٦)[٢٧] چەند ناوچەیەکی ستراتیژی خۆی لەدەست دا، لە دیدی خۆیەوە بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو زەرەرو زیانانەی ویی کەوتبوون بەردەوام لە هەوڵی هێنانە کایەی چارەسەرێکی گونجاو دابوو، بۆیە بێ بێ هۆ نەبوو گورج کەوتە هەوڵی پێکەوەنان و بەهێزکردنی کۆمەڵگەی سلاڤی (الجامعة

السلاڤية) لە هەرێمی بالکانی ژێر قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی، کە ئەنگێزەی بەهێزی بوو بۆ شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی چارەگی چوارەمی سەدەی نۆزدەی سلاڤ نەژادەکان. ئەو هەڕەشەی وا لە دەوڵەتی عوسمانی کرد بەتوندی بکەوێتە خۆی.

**١- بارودۆخی نێودەوڵەتی و کۆنگرەی ئەستەمبووڵ (١٨٧٦):**

لە ئەنجامی سەرهەڵدانی شۆڕشەکانی باڵکان و بەتوندی داپڵۆسینی لەلایەن عوسمانییەکانەوە. ناوەندە ئەوروپییەکان بۆ ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانەی باڵکان بەمەبەستی دانانی سنوورێک بۆ قەسابخانەکان کەوتنە جموجۆڵ. یەکێک لەوانە ڕووسیابوو، کە لە پای قایمکردنی جێ پێی خۆی لە ناوچەکەدا، ملەکردنەکانی بۆ گەیشتن بەدەریای سپی پاڵی پێوەنا تاکلایەنانە بڕیاری هەڵوێست وەرگرتن سەبارەت بەو ڕەوشە بدات[٢٨]. قەیسەری ڕووسیا (ئەسکەندەری دووەم ١٨٥٥-١٨٨١) هەرچەندە سوور بوو لەسەر جەنگان لە دژی دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام لە بەرەوە مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی هەڵەکانی جەنگی قرم دووپات نەبنەوە، واتە نەجەنگان لە دژی دەوڵەتی عوسمانی لە کاتێکدا سەرجەم وڵاتە ئەوروپییەکان پشتگیری بوون. بۆیە لەبەردەم دیپلۆماسییەتی ڕووسی دوو ڕێگە هەبوو: یەکەمیان: یان ئەوەتا کۆمەڵێ وڵاتە زلهێزەکان ببووژێنێتەوەو سازشکارییەکی سەربەخۆ لەگەڵ (نەمسا - مەجەڕ)دا بکات، لە میاندا سەرنەکەوت. دووەمیان: یان ئەوەتا بەشداری لەو کۆنگرەیەدا بکات، کە لۆرد دێربی (Lord Derby)ی سەر بەوەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە (٦ی ئایاری ١٨٧٦)دا پشنیاری سازدانی کردبوو.[٢٩]

بەریتانیاش لەو سەروبەندەدا نەیدەویست دەوڵەتی عوسمانی دژ بەرووسیا بکەوێتە جەنگەوە، چونکە ڕووسیا لە چاو دەوڵەتی عوسمانی زۆر بەهێزتر بوو. ئەوەش دەبووە مایەی دابەشبوونی موڵکەکانی دەوڵەتی عوسمانی (کە تا ئەو کاتە بەریتانیا پەیڕەوی لە سیاسەتی یەکپارچەیی موڵکەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەکرد) ڕووسیاش بەنۆرەی خۆی لە هند دەبووە گەورەترین هەڕەشە لەسەر بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا[٣٠].

هەر چۆنێک بوو، پاش پێداگرتنە زۆرەکانی قەیسەری رووس لەسەر بەلاداخستنی بارودۆخەکە، بەریتانیا ئەرکی بانگهێشت کردنی وڵاتە زلهێزەکانی بۆ بەستنی ئەنجامگیری کۆنگرەیەک لە ئەستەمبوول گرتە ئەستۆ، کۆنگرەکە لە ماوەی چەند رۆژێک بەئامادەبوونی شاندی وڵاتانی «بەریتانیا، فەرەنسا، ئەڵمانیا، رووسیا، ئیتاڵیا، نەمسا، مەجەر، دەوڵەتی عوسمانی» بەڕەێچوو(٣١).

شیاوی باسە، بەگشتی باسە تاووتوێکراوەکانی کۆنگرە، سەرپاکیان لە چوارچێوەی چاکسازی جەستەی دەوڵەتی عوسمانیدا بوو(٣٢). لە پانیەی کۆنگرەشدا ئەندامانی کۆنگرە جگە لە دەوڵەتی عوسمانی، دانیشتنەکانیان بەمۆرکی (پرۆتۆکۆلی لەندەن) کۆتا پێهێنا(٣٣) لێ دەوڵەتی عوسمانی بەبیانووی ئەوەی حەز بەدەستێوەردانی بێگانان لە کاروباری دەوڵەتدا ناکات بە بریارەکانی کۆنگرە رازی نەبوو. بۆیەش رووسیا رۆژی (٢٤ی حوزەیرانی ١٨٧٧) جەنگی دژ بە دەوڵەتی عوسمانی راگەیاند(٣٤).

**٢- کێشمەکێشی رووسی - عوسمانی (١٨٧٧-١٨٧٨):**

پاش راگەیاندنی جەنگ لەلایەن رووسیاوە، ئیمپراتۆریەتی نەمسا - مەجەڕ بەڵێنی بەرووسیادا لە ململانێکەدا بێلایەن بوەستێ، هەروا رۆمانیش بەنهێنی پەیماننامەیەکی لەگەڵ رووسیا گرێدا، کە رێگا بەسوپای رووس بدات خاکەکانی بەکاربێنێ بۆ گورزوەشاندن لە دەوڵەتی عوسمانی. لە هەمان کاتدا، هەریەک لە ئەڵمانیاو ئیتاڵیا بێلایەنی خۆیان پاراست.. بەڵام بەریتانیا بەتوندی دژی جەنگ وەستاو لەو پێناوەشدا بیرخەرەوەیەکی ئاراستەی رووسیا کرد، کە تیایدا رووسیای وشیارکردەوە لە داگیرکردنی ئەستەمبوول و کەناڵی سوێس، یان هەر ناوچەیەک پەیوەندی بەبازرگانییەکەوە هەبێ(٣٥).

دەوڵەتی عوسمانی هەرچەندە دژی دوژمنانی ئیسلام جیهادکردنی راگەیاندا!! بەڵام تای تەرازووی هێز هەر لە سەرەتاوە بەلای رووسیادا شکایەوە هێزەکانی رووسیا هەر کە لە رووباری دانووب پەڕینەوە. ئیدی خاترجەم بوون لەوەی چی وایان پێ ناچێ لووتیان بەلووتی بەدەروازەکانی ئەستەمبوولَ (وەدەبێ). کەچی پێشهاتەکان بواریان نەدا نەدا.

شـاری بچـووکی (پلۆنا)ی بولگاریا لە هاوین و زسـتـانی (١٨٧٧)دا، بەجـەرگـانەترین جەنگی مێژوویی نێوان رووسیاو دەوڵەتی عوسمانی بەخۆوە گرت[٣٦]. کە بووە مایەی درەنگ دەرکەوتنی سوپای رووس لەبەردەم دەروازەکانی شاری ئەستەمبوڵ! لەو کاتەدا بەریتانیـا بڕیاریدا بۆ بەرگری کـردن لە ئەستەمبوڵ گـەلە کەشتییەکی جەنگی رەوانەی بکات، ئیدی ئەوەش بەربەستێکی پتەو بوو لە نێوان ئەستەمبوڵ و سوپای مەرگ هێنی رووس لە شارەدێی (سان ستیفانۆ)، کە دوا خاڵەکانی پێشڕەوی کردنی رووسەکان بوو رووەو ئەستەمبوول.[٣٧]

دەوڵەتی عوسمانی پاش ئەوەی تەواو شپرزە ببوو، داوای ئاگربەستی لە رووسیا کرد. رووسیاش لەبەر ئامادەباشی گەلەکەشتییەکانی بەریتانیا لە دەریای مەڕمەڕە، وای بە چاک زانی رەزامەندی خۆی دەرببڕێ بۆ ئەو داوایە.[٣٨]

**٣- پەیماننامەی سان تیفانۆ (١٨٧٨) و هەڵوێستی وڵاتانی ئەوروپی:**

پەیماننامەی سـان سـتـیـفـانۆ(*) لە (٣ی ئاداری ١٨٧٨)دا، کـە دووقـۆڵی لە نێـوان رووسیـاو دەوڵەتی عـوسـمـانی واژووکـرا[٣٩]، مـەرجـە سـەرەکـیـیـەکـانی بریتی بوون لە: (چاکسازیکاری لە بۆسنەو هرسک، پێدانی سەربەخۆیی بۆ هەر یەک لە میرنشینەکانی سربیاو چیای رەش، سەربەخۆیی رۆمانیاش لە بەرچاو بگیرێ، قەڵای کارس و بەندەری باتووم بدرێتە رووسیـا، مـیرنشـینێکیش بۆ بولگاریا پێکەوە بنرێ کـە کـەوشنەکـانی تا دەریای ئیجە درێژ دەبێتەوەو هیچ پەیوەستییەکی بە دەوڵەتی عوسمانییەوە نەبێ[٤٠] ئەم پەیماننامەیە رێک بەکامی دڵی نەتەوەکانی باڵکان و ئەرمەن و دەوڵەتی رووسیا دەهاتەوە بەڵام بەهۆی دنەدانی ئینگلیزەکان، دەوڵەتی عوسمانی نەچووە ژێر باری ئەو پەیماننامەیەوە[٤١].

جێی سەرنجە، دۆڕاندنی دەوڵەتی عوسمانی لە جەنگداو داگیرکردنی بەشێک لەموڵکەکانی، هەروەها گرێدانی پەیماننامەی سان ستیفانۆ، بەزەقی بوونە سەرچاوەی لەنگ بوونی تای تەرازووی هێزەکان لە رۆژهەڵاتی نزیک بەگشتی و دەوڵەتی عوسمانی

بەتایبەتی چونکە سان ستیفانۆ دەریای سپی بۆ رووسەکان ئاواڵا کرد.. ئەمەش مەترسی بۆ ئینگلیزەکان چێ کرد لە هەڵزنانی رووسەکان بەرەو رێگای بازرگانی بەریتانیا لەگەڵ هندا. بۆیە بەرژەوەندییەکان، رووبەڕووی یەکتر هەڵشاخان و مەترسی ئایسانی جەنگ هاتە ئارا[٤٢]. لە نێو وڵاتە ئەوروپییەکاندا، ئەوانەی کە بەرهەڵستکاری ئەو پەیماننامەیە بوون، بریتی بوون لە: (بەریتانیا، نەمسا -مەجەر، یۆنان)، بەڵام بەریتانیا لە هەموان رژدتر بوو. دوای هەڵئاوسانی بارودۆخەکە، ئەڵمانەکان بۆ نێوبژی کردنی ئینگلیزو رووس خۆیان لە مەسەلەکە هەڵقورتاند. ئیدی بەسەرپەرشتی (هێربەرت بسمارک). راوێژکاری بەناوودەنگی ئەڵمانیا، کۆنگرەیەک لە بەرلین ساز درا[٤٣].

### ٤- کۆنگرەی بەرلین (١٨٧٨):

کۆنگرەی بەرلین لە (١٣)ی حوزەیرانی ١٨٧٨ بەئامادەبوونی نوێنەری هەریەک لە وڵاتانی (بەریتانیا، فەرەنسا، نەمسا، مەجەر، یۆنان، رووسیا، دەوڵەتی عوسمانی، جگە لە دەوڵەتی سەرپەشتیکار)[٤٤]، بۆ چارەسەرکردنی یەکجارەکی کێشەکانی رۆژهەڵاتی نزیک بەسترا[٤٥]، بەهۆی ئەم کۆنگرەیەوە، ئینگلیزەکان توانیان باری قورسی دۆڕاندنی عوسمانیەکان سووکتر بکەن و رووسەکان لە دەریای سپی دوور بخەنەوە[٤٦].

کۆنگرەی بەرلین نزیکەی مانگێکی خایاندو دواتریش بە پەیماننامەیەک کە لە (٦٤) بەند پێکهاتبوو[٤٧] هۆڵی کۆبوونەوەکانی داخرا، دیارترین بەندەکانی ئەو پەیماننامەیە بریتی بوون لە (پێدانی سەربەخۆیەکی ریشەیی بۆ هەر یەک لە سڕبیاو رۆمانیاو چیای رەش. بولگاریاش، کە کەوشنەکانی جارانی خۆی لە دست دابوو و بچووک کرابووە، سەربەخۆیی بدرێتی بەمەرجێک ساڵانە سەرانە بداتە سوڵتانی عوسمانی. ویلایەتی مەکدۆنیا بێ چەندو چۆن بۆ دەوڵەتی عوسمانی بگەڕێندرێتەوە هەروا کۆنگرەکە بەوەش قایل بوو ناوچەکانی رۆژهەڵاتی دەریای رەش، کە هەر دوو شاری «کارس و باتووم»ی بەخۆوە دەگرت، بەرووسیاوە بلکێندرێ)[٤٨]

راستی بەسەرنجدانی وردی بەندەکانی پەیماننامەی بەرلین، روون دەبێتەوە کۆنگرەی

بەرلین نەک هەر شکستێک بوو بۆ رووسیا، بەڵکو سەرکەوتنێکی ئەوتۆ نەبوو بۆ نەمسا – مەجەرو تەنانەت بەریتانیای مەزنیش. چونکە بەریتانییەکان دەیانویست یەکێتیی خاکەکانی عوسمانی پارێزراو بێ، لێ ئەمە لە کۆنگرەکەدا کارێکی ئەستەم بوو[٤٩]. بۆیەش لە کۆنگرەی بەرلینەوە ئینگلیزەکان سیاسەتی پاراستنی یەکێتیی موڵکەکانی دەوڵەتی عوسمانیان خستە پشت گوێی و کەوتنە هەڵپەو سەودای دەست بەسەر داگرتنی ناوچە ستراتیژییە گرنگەکانی بازرگانی خۆیان لە دەوڵەتی عوسمانی[٥٠].

## کێشەی رۆژهەڵاتی لە نێوان ساڵانی (١٨٧٨–١٩٠٠)دا

لە کۆنگرەی بەرلینەوە، کێشەی رۆژهەڵاتی بەشێوەیەکی فیعلی راستەقینە دەرکەوت دەوڵەتی عوسمانی هەڵوێستی هێند کەم بڕست ببوو، ئەنگرابوو. بەو ئەندازەی کە لە وی هەوڵدان بۆ گێرانەوەی سەروەریی بۆ ناوچە گەڤلێکراوەکانی، ئەوانەی هەرەشەی (دابڕانیان) لەسەر بوو، ناوچە نوێ و جێ بایەختری دەخستە سەر رێژەی دابڕکارییەکانی ئەورووپی لە جەستەی خۆی. ولاتە زلهێزەکان (بەتایبەت بەریتانیا و فەرەنسا)، لەوێوە سیاسەتی پاراستنی سیاسیی دەوڵەتی عوسمانیان فەرامۆش کرد[٥١]و سەرقاڵی پلانە نوێیەکانیان بوون بۆ دابڕکاری لە جەستەی دەوڵەتی عوسمانی ئەڵبەت ئەوەش بەپلە یەک، بۆ پێشکەوتن و هەنگاوە زەبەلاحەکانی ئابووریی ئەورووپای رۆژئاوا دەگەڕایەوە، کە ئەو ولاتانە پەرۆشانە لە هەوڵی پەیداکردن و پارێزگاری کردنی بازاڕو ناوچەی ساغ کردنەوەی کالاکانیاندا بوون[٥٢]. ئیدی کاریگەرییەکانی بارودۆخی سیاسیی ئەو ولاتە زلهێزانە لەسەر جەستەی دەوڵەتی عوسمانی رەنگی دایەوە. ئەوەش بەنۆرەی خۆی لەو سەروبەندەدا پێشهاتی نوێ و کاریگەری لە دەوڵەتی عوسمانی هێنا کایەوە، کە دەشێ لە چەند لایەنێکەوە لێی بڕوانرێ:

**١- دابڕکارییە ئەوروپییەکان لە جەستەی دەوڵەتی عوسمانی:**

یەکەم نیشانە لەمەڕ سەرهەڵدانی دیاردەی دابڕکارییەکان لە جەستەی دەوڵەتی عوسمانی، لە سەروبەندی سازدانی کۆنگرەی بەرلیندا بوو. بەریتانییەکان بەپێی رێککەوتنێکی نهێنی لەگەڵ عوسمانییەکان لە (٤ی حوزەیرانی ١٨٧٨)دا، دوورگەی قوبرسیان وەک لەنگەرگایەکی بنکەیەکی گەلەکەشتی بۆ خۆ مسۆگەرکرد [٥٣]. ئەڵبەت داواکاری بەریتانیا سەبارەت بە بەخشینی دوورگەی قوبرس لە ئاکامی پلانێکی تۆکمەو دارێژراوی ستراتیژی گرنگەوە بوو. ئەم گرنگییە لە وتارێکی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا لۆرد بیکۆنسفێلد (زۆرتر بە «دزرائیلی» ناوی رۆیووە) دەردەکەوێ، کە پاش گەڕانەوەی لە کۆنگرەی بەرلین لە ئەنجومەنی گشتی (المجلس العموم)، خوێندویەتیەوە[٥٤]. لەو وتارەدا دزرائیلی زرنگانە گرنگی ستراتیژی دوورگەی قوبرس باس دەکات و قامکیش لەسەر نزیک کەوتنەوەی بەریتانیا. لە میسرو کەناڵی سوێس دادەنێت[٥٥].

هەنگاوی دووەمی بەریتانیا لە بازنەی دابڕکارییەکانی لە جەستەی دەوڵەتی عوسمانی، خزینە بەرەو کەناڵی سوێس و میسر. بەریتانیا هەر لە ساڵی (١٨٧٥)ەوە. (١٧٦) هەزار پشکی لە کەناڵی سوێس لە ئیسماعیلی خدێوی میسر کڕی بۆوە. بەوەش بەریتانیا ببووە ئەندامێکی پشکدار لە کۆمپانیای کەناڵی سوێس و هەنگاوی بەراییشی لە پێناو دەست بەسەر داگرتنی میسر هەڵنا بوو[٥٦].

ئیدی پاش هەڵکشانی رووداوەکان لە دەوڵەتی عوسمانی بەگشتی و بەتایبەتی لە میسر، بەریتانیا توانی بە بیانگەی پاراستنی پشکەکانی لە سوێس و قەرزەکانی لە میسر، لە رووبەرووبوونەوەی (گردی گەورە)دا، بەسەر ئەحمەد عورابی سەرکردەی شۆڕشگێڕانی میسر لە هاوینی (١٨٨٢)دا زاڵ بێ و میسریش بخاتە نێو خانەی موڵکەکانی خۆی[٥٧] هەرچەندە سوڵتان عەبدولحەمید ئەمەی زۆر لە دڵگران بوو، بەڵام هیچ چارێکی دی لە دەستدا نەبوو بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هەنگاوانە، تەنیا ئەوە نەبێت

کە گرنگی پتر بە دۆستایەتیی لەگەڵ ئەڵمانەکان بدات، (لە باسەکانی خوارەوە، هەوڵ دەدەین ئەم بابەتە تەتەڵە بکەین).

لە راستیدا فەرەنسییەکانیش چاویان لە بەریتانیا کردبوو، ئەوانیش لە هەوڵی پەیداکردنی پشکی خۆیان بوون. لە جەستەی دەوڵەتی عوسمانی. بۆیە پڕ کۆشش بوون لە بەدەستخستنی تونسدا[٥٨] فەرەنسا بەبیانووی سەقامگیرکردنی رژێم و ئاسایش لە تونسدا، لە مایسی (١٨٨٢)، کۆشکی بایی تونسی گەمارۆداو ناچاری کرد پەیماننامەی پاراستنی فەرەنسی بەسەر تونسدا پێ واژوو بکات[٥٩]. لە بەرامبەریشدا دەوڵەتی عوسمانی هیچی بۆ نەکرا، تەنیا پرۆتستۆکردنی فەرەنسا نەبێ لەگەڵ دان نەنان بە پەیماننامەی پاراستنی فەرەنسی بەسەر تونسدا، بەو پێودانگەی لەگەڵ قانوونی نێودەوڵەتی وێک نایەتەوە[٦٠].

لەسەرێکی دیەوە وڵاتە ئەوروپییەکانی دی، وەک (نەمسا - مەجەر، یۆنان) لەو ماوەیەدا دابڕکاریان لە جەستەی دەوڵەتی عوسمانی ئەنجامدا. بەوەی نەمسا - مەجەر ساڵی (١٨٧٩) بۆسنەو هرسکی، بەپێی بڕیارەکانی کۆنگرەی بەرلین بۆ خۆی پچڕی[٦١] دوورگەی (کرێت)یش ساڵی (١٨٩٧) لە چوارچێوەی قەڵەمڕەوی دەوڵەتی عوسمانی هاتە دەرو فەرمانڕەواییەکی بەرەگەز یۆنانی بوو بەسەرداری[٦٢].

**٢- دزەکردنی دەسەڵاتی ئەڵمانی لە جەستەی دەوڵەتی عوسمانیدا:**

هاتنە ناوەوەی ئەڵمانەکان بۆ رۆژهەڵات، بەگشتی باری ئەو ململانێیەی رژدتر کرد کە لە نێوان وڵاتە زلهێزەکان لە بارەی موڵکەکانی دەوڵەتی عوسمانی هاتبووە کایەوە.ئەوەی هەڵزنانی بەو ئەڵمانیای رووەو موڵکەکانی دەوڵەتی عوسمانی ئاسانتر دەکرد، ئەوەبوو کە سوڵتان عەبدولحەمید بەو پێیەی خەلیفەی موسڵمانان بوو، پێی وابوو ئەڵمانیا تاکە هێزە هاوسۆز بێت لە بواری رووبەڕووبوونەوەی چاوتێبڕینەکانی بەریتانیاو فەرەنسا. کە سوڵتان شێلگیرانە هەوڵی بۆ دەداو دەیویست وەکو ئامرازێک بەکاری بێنێ لە پێناو وەدی

هێنانی مەرامە سیاسییەکانی خۆی هەروا هاوکات ئەڵمانەکان، پێوندیان لەگەڵ عوسمانییەکان گرێدا بوو و نیاز پاکی خۆیشیان بۆ سوڵتان سەلماند بوو. سیاسەتکارانیان لە بسمارکەوە تا ئیمپراتۆر ولهەمی دووەم (١٨٨٨-١٩١٨) پەیتا پەیتا رایاندەگەیاند کە ئامانجی ئەوان لە پێوەندی گرتن لەگەڵ عوسمانیان، بەتەنیا ئابوورییەو هیچ چاو تێبڕینێکی سیاسیان لە دەوڵەتی عوسمانیدا نییە(٦٣).

دواتر روون بۆوە کە ئەڵمانەکان زەبەلاحترین پرۆژەی ئیمپریالیزمیان بەدەستەوەیە، ئەویش پرۆژەی راکێشانی هێڵی ئاسنیی (بەغدا - بەرلین) بوو، کە مەبەست لێی بەگەڕخستنی سەرمایەی ئەڵمانی بوو لە چوارچێوەی سوود وەرگرتن لە سەرچاوە کانزایی و کشتوکاڵییەکانی دەوڵەتی عوسمانی(٦٤) گفتوگۆکان لە بارەی بەخشینی جیاووکی ئەو پرۆژەیە لە ساڵی (١٨٩٩)دا بەبنبەست گەیی (٦٥) ئەم هێڵە بریتی بوو لە تۆڕێکی زەبەلاحی ئاسنیی، کە لە بوسفۆرەوە تا حەڵەب درێژ دەبۆوەو لەوێشەوە لقێکی بۆ نیمچە دوورگەی عەرەبی و لقێکی دیکەشی بەناو خاکی عیراقدا بۆ کەنداوی فارسی دەچوو. ئەم تۆڕە هێلانە، دەکرا لە ئەنادۆڵ بەهێڵی ئاسنیی ئەورووپای ناوەڕاستەوە ببەسترێنەوە(٦٦).

راستییەکەی پێداگریی سیاسەتی سوڵتان عەبدولحەمید سەبارەت بەدۆستایەتیی ئەڵمان، لەو سەرچاوەیەوە دەهات کە بتوانێ لە رێگەی دۆستایەتی ئەمانەوە بەرەنگاری هەنگاوگەل و چاوتێبڕینە زۆرەکانی وڵاتە زلهێزەکان دی ببێتەوە، جگە لەوەش بۆ رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەو مەترسییەکانی ناوخۆ، واتە بزووتنەوەی نیشتمانیی تورکیی بوو، یەکەمجاربەپیر داواکارییەکانیانەوە چوو، ئەوەبوو دەستووری لە ساڵی (١٨٧٦)دا راگەیاندو پاشان کار پێکردنی راگرت و بەر بووە وێزەی ئەو بزووتنەوەیە، لەڕێی ئەو رژێمە تۆقێنەرە سیخورییەو ئەو فشارە لە رادەبەدەر توندەی کە پێی دەناسرایەوە، (وێناکردنێک بۆ زەبر بەدەستی ئەو رژێمە، شاکم لە چارەکردنی شۆڕشی ئەرمەنەکانی ئەنادۆڵ، ساڵانی (١٨٩٤-١٨٩٦) خۆ بنوێنێ)(٦٧). ئیدی گرتنە بەری ئەو چەشنە

سیاسەتانە لەلایەن سولّتان عەبدولحەمیدەوە، مانایەکی گرنگی دەنواند، ئەویش پشت ئەستووربی بوو بەئەلّمانەکان لە ئاست رای گشتی نێودەولّەتی بەلاّم ئەمە هیچ بەربەست نەبوو لە پێش پەرێشان بوونی دەولّەتی عوسمانی.[٦٨]

**٣- کێشەی ئەرمەن و کوشتارییەکانیان (١٨٩٤-١٨٩٦):**

کێشەی ئەرمەن، وەک کێشە پێشینەی خۆی هەبوو. ئەرمەنەکان کە لە بازنەی قەلّەمڕەوی دەولّەتی عوسمانیدا بوون. یەکێک بوون لەو کۆمەلاّنەی کە بە گەرمی داوای ئەنجامدانی چاکسازییان دەکرد لەڕووی شێوازی ژیانیان، دەولّەتیش لە بەرامبەردا هیچ هەنگاوێکی لەو بارەوە نەنا بوو. هاوکات لە پەیماننامەی سان ستیفانۆ بەندی (١٦) بۆ ئەنجامدانی چاکسازی لە رەوشی کارگێڕیی ئەرمەنەکان تایبەت کرابوو[٦٩]. پاش ئەویش کۆنگرەی بەرلین بەندی (٦١)ی بۆ کێشەی ئەرمەن تەرخان کرد بوو، ئەو بەندەی کە لەرۆژگاری عوسمانیاندا قەت جێبەجێ نەکرا[٧٠]. ئیدی ئەمانە هەموو کێشەی ئەرمەنیان خەستتر دەکردەوە. لێ هەلّکشانی ئاستی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی ئەرمەنیی، پاش دامەزراندنی هەردوو پارتی (هنجاک/ ١٨٨٧)و (داشناق/ ١٨٩٠)، کێشەکەیان گەیاندە ترۆپک[٧١]، و ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا روو بدات. روویدا.

سولّتان عەبدولحەمید لە ترسی دابڕانی ئەرمینیا لە جەستەی دەولّەتی عوسمانی توندترین شێوازی گرتە بەر، بەتایبەتیش کاتێک فیکرەی کۆمکاری ئیسلامی بەدەستەوە گرتبوو. زۆری بە سەردا، تێ نەپەڕی، ئەم سیاسەتەی سولتان باری راستەقینەی خۆی وەرگرت، کە لە زنجیرەیەک قەسابخانەی دژ بە ئەرمەنەکان رەنگی دایەوە[٧٢]، سەرچاوەکان لەمەڕ رێژەی ئەو کوشتارە ناکۆکی لە (١٠٠) هەزار کەسەوە تا نیو ملیۆن کەس دەبێ[٧٣].

ئەوەی بەلای بابەتەکەی ئێمەوە گرنگە، ئەوەیە کە لە ئاش کردنی کێشەی ئەرمەن لەلایەن ولاّتە زلهێزەکانەوە، ئەم کەرەتەیان واتاو رەهەندی تایبەتی وەرگرت. شیاوی باسە

ئەو کێشەیە لە لایەن ئەو وڵاتانەوە بۆ مەبەست و مەرامی سیاسیی رووت بەکارهێنرا. هەرچەندە رووسیاو بەریتانیاو فەرەنسا لە مانگی ئایاری ساڵی (١٨٩٥) بیرخەرەوەیان پێشکەش بەدەروازەی باڵا کرد تاوەکو چاکسازی کارگێڕی لە ویلایەتەکانی ئەنادۆڵی رۆژهەڵات ئەنجام بدات، ئەو دەڤەرانەی ئەرمەنەکان تێدا ئاکنجی ببوون[٧٤]. بەڵام ئەمانە پاکی لە بازنەی دەستێوەردان لە کاروباری دەوڵەتی عوسمانی دەژمێردران. بۆ نموونە رووسیا کە خۆی بەپارێزەریی ئەرمەن حسێو دەکرد، بەو پێودانگەی سەر بەئایینزای ئەرسەدۆکسین وەک خۆی، دەربارەی کێشەکەیان بەدەنگ هات و پێشنیاری کرد، کە بۆ چارەکردنی ئەو بارودۆخە، ئەو بەگەلەکەشتییەک هەڵمەت بەرێتە سەر گەرووی بوسفۆرو سوڵتان ناچار بکات خواستی ئەرمەنەکان جێبەجێ بکات، لێ وڵاتانی زلهێزی دی بەو پێشنیاریە رازی نەبوون[٧٥].

شیاوی باسە، بۆ دۆزینەوەی رێگا چارەیەکی گونجاو بۆ ئەو رەوشە، پێشنیارگەلێک لەلایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە خرانەڕوو، بەڵام هیچ کامێکیان لەسەر پێشنیاری ئەوی دیان نەدەگیرسایەوە[٧٦].

لەم لایشەوە ئەرمەنەکان بەو نیازەی وڵاتە زلهێزەکان ئاوڕێکی بەخێریان لێ بدەنەوە، لە مانگی ئابی (١٨٩٦)دا هەڵسان بەهەڵمەت بردنە سەر بانکی عوسمانیی ناوجەرگەی ئەستەمبوول و دەستیان بەسەر داگرت[٧٧].

لەراستیدا کێشەی ئەرمەن لەو رۆژگارەدا، رووی راستەقینەی بەرژەوەندییە یەکتربڕەکانی وولاتانی ئەورووپای دەرخست کە یەکبوونیمان دژی دەسەڵاتی عوسمانی مەحاڵە[٧٨]، (ئەو دیفاکتۆیەی کە لە تەمەنی دەوڵەتی عوسمانی درێژ کردەوەو لە کەرت کەرت وونی تەواوەکی پاراستی).

## سەرچاوەو پەراوێزەکان

* ئەوکات ئەم زاراوە جوگرافیە گوزارشتی لە «رۆژهەلاتی ناوەڕاست»ی ئەمرۆ دەکرد، کە لەڕووی رووبەرەوە بەرفراوانتر بوو. زاراوەی رۆژهەلاتی ناوەراست لە سەرەتاکانی سەدەی بیست کەوتە سەر زارانەوە، دوای ئەوەی «ئەلفرێد»ی بەرەگەز ئەمیریکایی لە سالی (١٩٠٢)دا، وتارێکی لە بارەی ستراتیژی بوونی ئەو ناوچەیەوە نووسی کە بە دلی جیهانی لە قەلەم دابوو، ناوی لێنا «رۆژهەلاتی ناوەڕاست».

١- بۆ زانیاری زێتر لە بارەی سەردەمی سەلتەنەتیەوە بڕوانە: «د الما ولتن، عبدالحميد ظل الله علي الارض، (ترجمة: راسم رشدي)، القاهرة ١٩٥٠ اورخان محمد علي، السلطان عبدالحميد الثاني (حياتة واحداث عهدة)، الطبعة الاولي، الرمادي، ١٩٨٧ .

* زاراوەی عوسمانییەکان «عوسمانلی» تەنیا ئەو کەسانەی دەگرتەوە کە کاربەدەست و خاوەن پلەی پایەی تایبەتی بوون لە دەولەتدا، بەتایبەتیش ئەوانەی دەگرتەوە کە لە قورچەکەی دەسەلاتدا بوون، بۆیە لەم تۆژینەوەدا، ئەو زاراوەیە بەواتای دروستی خۆی لەکارنراوە.

٢- د. هاشم صالح التكريتي، المسألة الشرقية، المرحلة الاولي (١٧٧٤-١٨٥٦)، بغداد ١٩٩٠، ص١٩.

٣- د. هاشم صالح التكريتي، م،ن، ص٩.

٤- (ج،پ، تايلور، الصراع السيادة في اوربا (١٨٤٨-١٩١٨)، (الترجمة، د. كاظم هاشم نعمة و ديونيل يوسف عزيز)، بغداد ١٩٨٠، ص٢٧١ .

٥- اورخان محمد علي، م، س، ص٩٨ .

٦- اورخان محمد علي٩٨ .

٧- ئەو بیرخەرەوانە لە راستیدا بریتی بوون لە چەند داواکارییەک بەلام ئەوەی لە هەمووان پتر جێ سەرنج لێگرتنە، ئەو خالەیانە کە دەلێ: (نابێ دەولەتی عوسمانی توخنی ئازادیی ئایین و ئایینزاکانی کۆمەلانی مەسیحی بکەوێ؟) لەم بارەوە بڕوانە: اورخان محمد علی، م، س، ص٩٩ .

٨- دواتر دێینەوە ئەم باسە.

٩- د. محمد كمال الدسوقي، الدولة العثمانية والسمألة الشرقية، القاهرة، ١٩٧٦، ص ٢٤١-٢٤٢ .

١٠- د الما وتلن، م،س، ص٨٣ .

* داخوازیکاریێکی بەناوو دەنگی ئیسلاحاتە لە مێژووی عوسمانیدا، خەڵکانێکی رۆشنبیر لە دەوری کۆبوونەوە، دەسەڵاتێکی زۆری پەیداکرد بوو، بەرادەیەک سوڵتان ترسێکی زۆری لە بارەیەوە لێ نیشتبوو، بە تایبەتیش کە لەو سەروبەندەدا پایەی (سەدری ئەعزەم)ی هەبوو.

١١- اورخان محمد علي، س، ص٩٩ .

١٢- سوڵتان عەبدولحەمید یەکەم کەس نەبووە کە بیری لەم جۆرە کارە کردبێتەوە، بەڵکو بەر لەو رووسەکان چەند تیپێکیان لەو هێزە نانیزامیانە پێکهێنا بوو بەنێوی (کازاک) ئەمەی کە سوڵتان کردی لاسایی کردنەوەی پێکهێنانی ئەو تیپە کازاکیانەی رووس بوو. هەروەها هۆکاری سەرەکی ئەو یەکانە بوو بەرووی رووسەکان لە کەوشنەکانی لەگەڵ رووس جگە لەوەش ئەو یەکانە بوونە ئامرازێکی بەکار بۆ داپڵۆسینی هەموو بزاڤێکی ئازادیخوازی کوردیی و ئەرمەنی. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: م. س، لازاریف، کێشەی، کورد، بەرگی یەکەم، (وەرگێڕ: د. کاوس قەفتان)، بەغدا. (١٩٨٩، ل٨٦) بەدواوە.

١٣- د. محمد صالح، تاريخ اوربا، من عصر النهضة وحتي الثورة الفرنسية (١٥٠٠-١٧٨٩)، بغداد، ١٩٨١، ص٢٤١ .

١٤- دەربارەی سەرهەڵدان و پێناسە جۆر بەجۆرەکانی کێشەی رۆژهەڵاتی بڕوانە: حسين لبيب، تاريخ المسئلة الشرقية، مصر، ١٩٢١، د. ميلاد. المقرحي، موجز تاريخ اوروبا الحديث والمعاصر، الطبعة الاولي، بنغازي، ١٩٩٨، ص١٤٣ .

* لە بارەیەوە بڕوانە: د. فاضل حسين و، د. كاظم هاشم نعم، التاريخ الاوروبي الحديث (١٨١٥-١٩٣٩)، الطبعة الاولي، الموصل، ١٩٨٢، ص ٥٢-٥٨ .

١٥- زين نورالدين، الصراع في الشرق الاوسط وولادة دولتي سوريا ولبنان، بيروت، ١٩٧١، ص٢٢ .

١٦- د. كمال مظهر احمد، كردستان في سنوات الحرب العالمية الاولى، (ترجمة: محمد الملا عبدالكريم)، الطبعة الثانية، بغداد، ١٩٨٤، ص٢١ .

* بەریتانیا زۆرجار بە فریای دەوڵەتی عوسمانی کەوتووەو لە رووخانی تەواوەکی پاراستوویەتی ساڵی (١٨٣٩) کە یەکێک لەو جارانە بوو، عوسمانیەکان لە جەنگێکدا کە بە(نوسەیبین) ناسراوە، لەسەر دەستی ئیبراهیم پاشای کوڕی محەمەد عەلی گەورە پاشای میسر، دووچاری شکستێکی گورچوبڕ هاتن، ئەگەر پشتیوانی و پێداگیری بەریتانیا نەبووایە دەوڵەتی عوسمانی تەفروتونا دەبوو بەریتانیا بەتواناداری خۆی هاتە گۆڕەپان و سنووری بۆ ئەو خەجالەتبارییانەی سوپای عوسمانییان،

لە بەرامبەر سوپای میسر دانا. لەم بارەوە بڕوانە سعید احمد برجاوي، الامبراطورية العثمانية (تاريخها اسياسي والعسكري)، بيروت، ١٩٩٣، ص, ٢٢٥

١٧- ناوچەکان ئەمانە بوون (میسر - عەدەن، قوبرس، کەنداوی فارسی) فواز مطر نصيف التليمي، تغلغل النفوذ الربطاني في العراق (١٨٦٩-١٩١٤)، رسالة ماجستير غير منشورة، مقدمة الى مجلس كلية الاداب بجامعة بغداد، ١٩٨٩، ص ٣٠ وما بعدها.

* سالۆنیک بەندەرێکە لەسەر دەریای ئیجە، وڵاتی دووانەیی نەمسا - مەجەڕ خەونی بە هێنانە ژێر رکێفی ئەو بەندەرەوە دەدی، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی یەکجاری پشت بە دەریای ئەدریاتیک نەبەستێ.

١٨- د. محمد انيس، الدولة العثمانية والشرق العربي (١٥١٤-١٩١٤)، القاهرة، دون سنة الطبع، ص١٧٠ .

١٩- رووسیا وێڕای ئەوەی وڵاتێکی پاشکەوتووی پیشەسازی بوو، خاوەن کەنارو بەندەرێکی لە بارو گرنگی بازرگانی ئەوتۆ نەبوو، هەرچەندە ئەوکات رووسیا هەموو کەنارەکانی باکووری دەریای رەشی لەژێر رکێف دابوو، بەڵام ئەم دەریایە بێ تەنگەبەرەکانی (بووسفۆن)و (دەردەنێل) دەریایەکی داخراو بوو، بۆیە رووسیا لە پێناو بەرژەوەندیی ئابووریی - بازرگانیی خۆی چاوی لە تەنگەبەرەکانی (بووسفۆر) و (دەردەنێل)بڕیبوو. د. محمد كنال التسوفي، تاريخ اوروبا الحديث (١٨٠٠-١٩١٨)، القاهرة، دون سنة الطبع، ص٢٢٠ .

٢٠- بۆ جەنگەکانی رووسیا دژ بەدەوڵەتی عوسمانی بڕوانە: سعيد احمد برجاوي، م.س.

٢١- بڕوانە: د. محمد محمد صالح، تاريخ اوربة الحديث (١٨٧٠-١٩١٤)، بغداد، ١٩٧١، ص١٣٨ .

٢٢- دواتر دێینەوە سەر ئەم باسە.

* دەربارەی رژێمی جیاووکەکان بڕوانە: د. هاشم صالح التكريتي، م. س. ص ١٥-١٦ .

٢٣- د. كمال مظهر احمد، م. ص٨١ .

* لە راستیدا دەزگا مزگێنیدەرەکان شێوازێکی مرۆڤانە بوو، کە ئەوروپییەکان گرتیانە بەر بەمەبەستی دەردەستکردنی ئامانجەکان و فراوانخوازییە ئیستیعمارییەکانیان بڕوانە: د. ميلاد المقرحي، م. س، ص١٩٦ .

٢٤- د. عبدالعزيز سليمان نوار، تاريخ العراق الحديث (من نهاية حكم داود باشا الى نهاية حكم مدحت باشا)، القاهره، ١٩٦٨، ص٤٧ . بۆ زانیاریی زیاتر لەم بارەوە بڕوانە: زكي صالح بريطانيا

والعراق حتى عام ١٩١٤ (دراسة في التاريخ الدولي والتوسع الاستعماري) الطبعة الاولي، بغداد ١٩٦٨، فصلين (الخامس والسادس)، ص ١٤١-١٩٧ .

٢٥- د. ميلاد. المقرحي، م. س، ص١٩٦ .

٢٦- وەک ئەوەی کە ساڵی (١٨٧٨) بەریتانیا قوبرسی بۆ خۆی پاوان کردو دواتریش هەلی دەست بەسەر داگرتنی میریشی لە ساڵی (١٨٨٢)دا، بۆ ڕێکەوت. د. هاشم صالح التكريتي، م،س،ص، ٢٣.

٢٧- بڕوانە: هاشم صالح التكريتي، م. س، الفصل الخامس، ص ١٦٣-٢٠٧ .

٢٨- لە بارەی ئامانجەکانی رووسیاوە بڕوانە: د. محمد كمال الدسوقي، تاريخ اوروبا الحديث، ص ٢٢٠-٢٢١ .

٢٩- ج. پ. تايلور، م، س، ص ٢٨٤ .

٣٠- نۆیل باربەر، فەرمانڕەوایانی قۆچی زێرین لە سوڵتان سلێمانی قانوونییەوە تا ئەتاتورک، (وەرگێڕ، رێبوار کەریم وەلی)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٦٢ .

٣١- اورخان محمد علي، م.س، ص ١٠٦-١٠٧ .

٣٢- لە بارەی بڕیارەکانی کۆنگرە بڕوانە: ابراهيم بك حليم، تاريخ الدولة العثمانية (التحفة الحليمية في تاريخ الدولة العلية)، الطبعة الاولي، بيروت، ٢٠٠٢، ص ٣٤٣-٣٤٤ .

٣٣- زين نورالدين زين، م. س، ص ٤١ .

٣٤- بڕوانە: د. عەبدوللا عەلیاوەیی، کوردستان لەسەردەمی دەوڵەتی عوسمانی دا لە ناوەڕاستی نۆزدەهەمەوە تا جەنگی یەکەمی جیهانی (لێکۆڵینەوەیەکە لە بواری مێژوویی سیاسی دا)، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٤-، ل٨٨، (ڕەنگە لەوێدا سەرچاوەی ناوبراو بێ ئاگا، کەوتبێتە هەڵەوە لەدەست نیشانکردنی مێژووی ئەم رووداوە).

٣٥- اورخان محمد علي، م.س، ص١٢٦ .

٣٦- نۆیل بابەر، س. پ. ل١٦٣-١٦٥ .

٣٧- زين نورالدين، م.س، ص٤١ .

٣٨- د. محمد كمال الدسوقي، الدولة العثمانية والمسالة الشرقية، ص٢٥٤، اورخان محمد علي، م.س، ص٢٣٥ .

* ناوە کۆنەکەی شارە دێیەکە (ئایا ستافانوس)ە، دەکەوێتە دەوروبەری ئەستەمبوول. اورخان محمد علي، م.س، ص١٣٤ .

٣٩- د. محمد كمال الدسوقي، الدولة العثمانية والمسالة الشرقية، ص٢٥٤ .
٤٠- كۆی برگەکانی پەیماننامەکە (٢٩) برگەیە بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: حسن لبيب، م. س، ص٨٢، (الهامش). اورخان محمد علي، م. س، ص١٣٨-١٣٩ .
٤١- نۆیل بابەر، س. پ، ل١٨١ .
٤٢- کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین (مەنتک) کوردستان لە نێوان ململانێی نێودەوڵەتی ناوچەییدا (١٨٩٠-١٩٣٢)، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٠، ل٣٥ .
٤٣- د. ميلاد .آ. المقرحي، م.س، ص١٨١-١٨٢ .
٤٤- اورخان محمد علي، م، ص١٤١ .
٤٥- كارلتون هيز، التاريخ الاوربي الحديث (١٧٨٩-١٩١٤) (ترجمة: د. فاضل حسين)، الموصل، ١٩٨٧، ص٤٠٣ .
٤٦- ماري ملز باتريك سلاطين ان عثمان الخمسة، (ترجمة: حنا غصن وكامل مروة واخرين)، دون مكان الطبع، ١٩٩٣، ص٩٣ .
٤٧- د. عەبدوڵڵا عەلیاوەیی، س. پ. ل٩٥ .
٤٨- د. محمد كمال الدسوقي، الدولة العثمانية والمسألة الشرقية، ص٢٥٩-٢٦٠، حسين لبيب، م.س، ص٨٣ .
٤٩- أ-ج - پ. تايلو، م.س، ص٢٩٧ .
٥٠- دواتر بەتێرو تەسەلتر ئەم باسە رۆدەچین.
٥١- د. محمد انيس، م.س، ص١٦٩ .
٥٢- بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: د. محمد كمال الدسوقي، الدولة العثمانية الشرقية، ص٢٦٦-٢٦٩.
٥٣- اورخان محمد على، م.س، ص١٤ .
٥٤- بۆ وتارەکە بڕوانە: زبن نورالدين زين، م.س، ص٤٢ .
٥٥- لە راستیدا بەریتانیا ئەم هەنگاوەی لە پێناو زامن کردنی رێگای هند هەڵناو مرخی خۆیشی لە میسر خۆش کرد بوو، بڕوانە: د. جلال يحيي، التاريخ الاوربي الحديث والمعاصر، اسكندرية، ١٩٦٥، ص٤٤٣ .
٥٦- د. جلال يحيي، م.ن، ص٤٤٤ .
٥٧- د. الما وتلن، م.س، صص ١١٨-١١٩، بۆ زانیاریی زیاتر لە بارەی شۆڕشەکەوە بڕوانە: د. عمر عبدالعزيز عمر، دراسات في التاريخ العرب الحديث والمعاصر، بيروت، ١٩٧٥، ص٢٧٣-٣٤٣.

٥٨- د. سيار كوكب علي جميل، تكون العرب الحديث (١٥١٦-١٩١٦)، الطبعة الاولى، الموصل ١٩٩١، ص٤٢٢ .
٦٠- اورخان محمد علي، م.س، ص١٧٠ .
٦١- د. محمد كمال الدسوقي، الدولة العثمانية والمسألة الشرقية، ص٢٧٨ .
٦٢- د. محمدانيس، م.س، ص١٧٠ .
٦٣- فواز مطر نصيف الدليمي، م.س، ص١٥٩ .
٦٤- د. محمدانيس، م.س، ص١٧١ .
٦٥- اورخان محمد علي، م.س، ص٢٣٤، بەدەستخستنی جیاوکی ئەو پرۆژە زەبەلاحە ولاَتە زلهێزەکانی زۆر نیگەران کرد، بەتایبەتی بەریتانیاو رووسیا بۆیە بەردەوام لە هەولْی لەناوبردنی دابوون، بڕوانە: د. زكي صالح، م.س، ص٢٠٦-٢٢١، هەروا د. محمد انيس، ،م.س، ص١٧١-١٧٢ .
٦٦- د. محمدانيس، م.س، ص١٧١ .
٦٧- بڕوانە یاساکانی داهاتوو.
٦٨- د. محمدانيس، م.س، ص١٧٢-١٧٣ .
٦٩- د. كمال مظهر احمد، م.س، ص٢٤٧-٢٤٨ .
٧٠- د. الما وتلن، م.س، ص١٣٤ .
٧١- د. كمال مظهر احمد، م.س، ص٢٤٧ .
٧٢- د. كمال مظهر احمد، م.س، ص٢٤٩-٢٥٠ .
٧٣- د. الما وتلن، م.س، ص١٣٨ .
٧٤- د. محمد كمال الدسوقي، الدولة العثمانية والمسألة الشرقية، ص٢٩٩ .
٧٥- د. محمد كمال الدسوقي، م.ن، ص٣٠٢ .
٧٦- بڕوانە: د. محمد كمال الدسوقي، م.س، ص٢٩٩-٣٠٤ .
٧٧- حسين لبيب، م. س، د. الما وتلن، م.س، ص١٣٩ .
٧٨- د. محمد كمال الدسوقي، م.س، ص٣٠٤ .